# بۆ ئەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بە ئاگا بێتەوە!

خەتاب سابیر

15-07-2004

خوێنەرانی بەڕێز:

بەڕێز سایتە کوردییەکان:

پاش بڵاوبوونەوەی ( کۆمۆنیزمی کرێکاریی ڕەمزی درۆ و بێ پرەنسیپیی سیاسییە ) ، ژمارەیەکی زۆر ئیمەیڵ وتەلەفۆنم بۆهات.... برادەرانێکی چەپ و خەڵکانی سیاسیی خاوێن ،تەنانەت بەشێکیان ئەوانە بوون کە کۆمۆنیزمی کرێکاریی پێیان دەڵێن ناسیونالیست ، ڕایان وابوو چیتر زیاتر نەڕۆم لەسەر کۆمۆنیزمی کرێکاریی و ئەم مەلەفە دابخەم . دیارە هەندێک لە لایەنگران و ئەندامانی ئەو حیزبە بەتایبەت ئەوانەی کە دەنگیان ناناسم ، یان بە منگەوە قسەیان دەکرد و زۆر بەکورتی جوێنێکی تەڕو هەڕەشەیەکیان لێ دەکردم و ( مەبەستم لە تەلەفۆنە) ،دەیان گوت خۆت دەبینیتەوە....ئەوە جیا لە چەندین ئیمەیڵ ،بەئەندازەی مووی سەری هەموو نەفەرەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاریی جوێنم پێ دراوەو و هەڕەشەی مەرگم لێکراوە!، کە بەدڵنیاییەوە دەڵێم، یەک مەفرەزەی حسک هەموو کۆمۆنیزمی کرێکاریی بەسەعاتێک دەپێچێتەوە. مەگەر ناتانناسم چەندتان لەباردایە، ئیتر هەڕەشە لە کێ دەکەن، من حیساب بۆ کک ناکەم ، چیان لەدەست دێت با بیکەن .

لە هەموو ئەو تەلەفۆن و ئیمەیلانەدا ، یەکێک زۆر سەرنجی ڕاکێشام کە ژنی پیاوێکی بەرزیان بوو، بە دەنگێکی پڕ لەگریان و پاڕانەوەوە داوای لێکردم پاش قسەو باسێک لە ناو قسەکانیدا بەدەق ئەمەی گوت ( کاک خەتاب گیان من داواکەم ئەمەیە لێتان ئەگەر ئەتەوێ ئینتیحار بکەم،ئەگەر ئەتەوێ چەنەها ئیزدیواج هەڵوەشێتەوە، ئەگەر ئەتەوێ ڕسوابین و سەرمایەدارێ سەخیف تورەکە بکاتە سەرمان و لەدادگای بۆرژوازیدا بمانبینیتەوەو ئیسلامییەکان بەشەرییەت بەرەو جەهالەت وبەربەرییەت بەرن ئەوە شتێکە کە جەریمە دەکەیت بەرامبەر خۆت و بەرامبەر ئیمەش، بەگریانەوە تکایە بەسەو ناوی کەس مەڵێ و ئەو مەوزوعە کۆتایی پێ بێنە .....گریانەکە درێژەی هەیە). ئەوەی ناو کەوانەکە من نووسیومەتەوە لە قسەی ژنەکەوە. باشە کە ئەمە حاڵی حیزبەکەی کک بێت، ئیتر ئەم خۆگیڤکردنەوەو لووتبەرزیەتان لەچییە؟.بۆ خەڵک ڕادەسپێرن کە وازتان لێ بێنم ، بۆ نایەن ، بڵێن ئەو حیمایەیە ناماقوڵی کرد، درۆی کرد، ئەوەشی ڕایسپارد ناماقوڵیی کرد و درۆی کرد، ئاخر چۆن لەڕووتان دێت سەرهەڵبڕن ئیتر ، بە خەڵک دەڵێن تەحەدات دەکەین ئەگەر جورئەتت هەیە ناوی نوێژکەرەکەمان پێ بڵێ... ئێ باشە ئەوە من دوانیشم گوت لەبری یەکێک.. ئەی شەرم ناتانگرێ ئاوا فس بوونەوە و بێ دەنگیتان هەڵبژاردووە. هەندێ جار بێ دەنگی نیشانەی سالارییە!، بەڵام ئەم بێ دەنگییەی ئێوە لە ترسدایە، لە زوعفتاندایە، لە بێ پرەنسیپیتاندایە، لە لاموبالاتی و هەرزەکاریتاندایە، لەنەزانیی و ڕەشبینیی و بێ ئاسۆییتاندایە.

خۆشبەختانە ، من چاوەڕێی ئەم کردەوانە نەبووم کە بەو شێوەیە بمخەنە ژێر گوشاری ئینسانییەوە، چاوەڕێی ئەوەبووم کە هەڕەشەم لێ بکرێ و دەنگیان تۆمار بکەم،دوو کەسم تۆمار کرد کە هەڕەشەیان کرد بەهەردووکیان بە نووکە تەلەفۆنەکانیان 15 چرکە قسەیان کرد، ئەم ژنە کە زۆر قسەی کرد و لەسەر خۆو بە گریانەوە قسەی دەکرد،بەداخەوە دەڵێم لەبەر ئەوەی کە کۆمۆنیزمی کرێکاریی باش دەناسم بایی چەندن ، دەنگیم تۆمارکرد... تەنها مەبەستیشم لەوە ئەوەیە.. کە ئەگەر کۆمۆنیزمی کرێکاریی ئەمجارەش سەهویەکی کوشندە بکەنەوە و بڵێن خەتاب درۆ دەکەیت و سیناریۆی خۆتە...ئەوا دەنگی ئەو ژنە کە بە پێشکەوتوترین جۆری نۆکیا تۆمارم کردووە...بڵاو دەکەمەوەو

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەیەکجاری فەزحیان دەکەم...لەهەمان کاتیشدا و هەر لێرەشەوە بەو ژنە دەڵێم، من  تائەو جێگایە دەتوانم ئەو نهێنییە بپارێزم کە  تۆ کێیت و ژنی کێی ، حیزبەکەت دەمی دابخا و بەعارو مۆری خۆیەوە دابنیشێ و پەشیمانی دەربرێ، ئەگینا خۆیان لەهەموو کەس باشتر دەزانن کوێیان دەیەشێت.

هەروەها لێرەشەوە دەمەوێ بەو جۆرە چەپە خەجول و ترسنۆکە بڵێم کە کک یان هەلاواردووە ،  ئەوە ئێوەن هەڵەن، کە ڕاتان وایە ،ئەو قسانەی من کردوومە خزمەت بە سەرمایەدارییەو ناسیۆنالیزم سوودی لێ دەبینێ و کۆنەپەرستان حەملەی زیاتری پێوە دەکەن دژی کۆمۆنیزم... دەڵێم ئێوە هێشتا لەشەبەحی کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەترسێن ، هێشتا ئێوە لە موفرەداتی ئەخلاقیی ناو خێزانی هەلوەشاوەی کۆمۆنیزمی کرێکاریی ڕزگارتان نەبووەو بە چەند تاڵێک لێی پچڕابێتن ، بە سەدان گوریس  عەقڵ و بیر و ئەخلاقتان بە کک و پۆخڵەواتەکانییەوە شەتەک دراوە. ئێوە ناوێرن لەسەر هەموو ئەو کارەساتانەی ئەمانە ڕەنگی بۆ دەرێژن لەسەر پاکتاوکردنی نەژادیی و دەرکردنی تەعریبەکان و گەڕانەوەی کەرکوک بۆ کوردستان کە خەتی سوورە بۆ هەموو ئازادیخوازێک نەک بۆ هەموو کوردێک، لەسەر ڕیفراندۆمە بازاڕیی و منداڵانەکەیان،لەسەر ئەو  هەموو سوکایەتییە بە ئینسانی کورد و کەرکوکییەکانی دەکەن ، قسەیەک بکەن. ئەگەریش بیکەن لە ژوورەکانی پاڵتۆکدا بە شەرمەوەو بەهەزار ڕێزو تەقدیرەوە  پێشەکی بۆ ڕەخنەکانتان دادەنێن و لە دواشەوە دەڵێن حەزدەکەین باسەکە دەولەمەند!! بکەین و دەست بەسنگتانەوە دەگرن بە عاقڵی دەست دادەگرنەوە بۆ نۆرەی تر.  چەپێکی دابڕاو و لەکونخزیو پێی وابێت لە پاڵتۆکەوە ڕەسمی دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا دەکێشێ و پارتی و یەکێتی لە دەسەڵات دێننە خوارەوە و حکومەتێکی عەلمانی و مۆدێرن و دیموکراتی لە عێراقدا دادەمەزرێنێ،چەپێک هێشتا بەنجی شیعاری بێ ناوەڕۆکی ( ئازادی ،بەرابەری ،حکومەتی کرێکاری) کە بە ڕێنووسیش هەڵەیە بەری نەداوەو سەری گێژ دەخوا پێوەی ، چۆن دەتوانێ کارا بێت لە پانتایی سیاسیی کوردستاندا .

بۆ کۆڕی کادرێکی کک ملی خۆیان دەشکێنن ئەوەندە بەپەلە خۆیان دەکەن بە پاڵتۆکدا و هەمووی بەناوی زلی خۆیەوە دەرواو یەکسەر دەست هەڵدەبرن، کەچی بۆ کۆڕەکەی د.مەحمود عوسمان کە شەممەی ڕابردوو کرا لە پاڵتۆک ،لەو چەپەی بەس بەناو لە کۆمۆنیزمی کرێکاریی دوورکەوتووەتەوە، یەک کەسم لەو  چەپە ترسنۆک و سەر کزو بێ قسەو شەرمنە نەبینی بەناوی خۆیانەوە، دیارە بەناوی نەناسراوەوە هاتبوون ، کونجێکیشیان گرتبوو لە دەیان کەسی تر کە چاوەڕێ بوون بێنە ژوورەوە ،کە زۆربەی کات 200 کەسی تیابوو و لێی دەرژایەوە.. ئاخۆ  بۆچی بەناوی خۆیانەوە نەهاتبوون ؟ تەنها وەتەنها لەبەر ئەوەی کە کک پێیان نەڵێ ناسیۆنالیست و بەحیسابی خۆیان لە ئیعتیباری چەپبوونیان کەم دەبێتەوە. من پێم وایە ئەم چەپە سەقەتە ، لە کک سامناکترە ، ئەم چەپە کە بەس پرتەو بۆڵەی هەیە ،هەتا ئاوها بێت هیچی لەدەست نایات و گۆڕەپانی سیاسیی و شەقامی کوردییش خاڵییە لەم دەنگە سستانە.  ئایا گرنگی کۆڕەکەی د.مەحمود زیاتر بوو یان کادرێکی شورای کرێکارییەکان! کە لە ئەورووپاوە چەڵتەی سیاسیی لێ دەدا؟.

ماوە بڵێم ڕێزم بۆ هەموو ئەو برادەرو دۆستانە هەیە کە لە کوردستان و ئەورووپاو کەنەداو ئەمریکاو ئوسترالیاوە  پەیوەندیان پێوەکردم و دەستخۆشیان لێکردم ،هاوکاتیش داوای وەستانیان لێکردم. ڕێزم بۆ ئەو چەند کادرەیان هەیە کە بە شێوازێکی مۆدێرن و جوان قسەیان کرد،.من لێرەوە بەڵێن بەهەموو ئەو دۆست و برادەرانە دەدەم کە بۆ ماوەیەکی کاتیی هێرشم بۆ سەر کۆمۆنیزمی کرێکاریی ڕادەگرم تا دەرفەتێکی تریان بدەمێ تا ئەوەی لەدەستیان نەچووە ، بەمایەش بێت بەدەستیانەوە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بمێنێتەوە، من باکم لەهیچ شتێ نییە، هیچ لافاوێکی ئەخلاقیی و شتی تایبەت کارم تێناکات و ئەوەی بڕیارمدا دەیکەم.....سوپاس بۆ ئەو رایەی کە دەڵێ ، تۆ دەتوانی هەمان شت بە یادەوەریی بنووسیتەوە لەسەر ئەم حیزبە مەکروهە،هەروەکو چۆن د.مەحمود باسی هەموو شتێکی بنەماڵەی بارزانی و شۆڕشی ئەیلولی کرد، هەروەکو چۆن بەهادین نوریش بۆ حیزبی شیوعی هەمان کاری کرد.

ئەم راوەستانە بۆ ڕێزگرتن لە هەموو ئەو دەنگانەیە کە گوشاریان بۆ هێنام تا چیتر پەلە نەکەم.. ڕێزگرتنە لە ژنی سیاسییەکی زەبەلاحی! ئەو حیزبە کە موعاناتی خۆی باسدەکات و دەڵێ ئەگەر هەندێک لەمەکتەبی سیاسییەکان بزانن ، خۆم و مێردەکەم بە خائین و ترسنۆک لە قەڵەم دەدەن...ڕێزی ئەوکەسانەیە کە دەڵێن ، مەکتەبی سیاسیی ئەو حیزبە بچووکە خەوخۆراکیان نەماوە لەترسا و جورئەتیش ناکەن داوای لێبوردن بەفەرمی بلاوبکەنەوە ، چونکە بۆ ئیعتیباری سیاسیان خراپە!!!. ڕێزی هەموو دۆستانەیە کە دەڵێن ئەوەیان بەسەو بەهیچ تەرنابن.ڕێزی ئەوانەیە کە دەڵێن ئەمانە پێیان خۆشە ناویان بهێنرێ و شاگەشکە دەبن پێی، ڕێزی ئەوانەیە کە دەڵێن ئەمانە بێ کارو کاسبین ، دەمنانە دەمیان دروست نییە. ڕێزی هەموو ئەو کەسانەیە کە دەڵێن کاتی خۆت بەم بێ وەزنانەوە سەرف نەکەم، ڕێزی هەموو ئەوانەیە کە پێیان گوتم ، چوار لاپەڕە بخوێنیتەوە باشترە لەوەی کاتت بەمانەوە بکوژی . بەڵی منیش بڕیارمدا بوەستم ،ئەم راوەستانە کاتییە ، پەیوەندی بەوەوە هەیە کە چیتر قسەی بازاڕیی نەکەن و خەریکی سوکایەتی کردن نەبن ، ئەگەر وەلامی سیاسیان پێیە با بیکەن ، وەکو هەموو ئەو نووسەرو قەڵەم بەدەستانەی کوردستان و دەرەوە... ئەم راوەستانە پەیوەندی بەوەوە هەیە کە جارێکی تر بەخۆیاندا بچنەوە ڕێز لە قەڵەمەکانیان بگرن و هەناسەیەک هەڵکێشنەوە، بەلام لەسەر مەسەلەی تەعریب و کەرکوک و ڕیفراندۆم زیاتر شتیان لەسەر دەنووسم ، با ئەوانیش بتوانن سیاسییانە وەلام بدەنەوە ئەگەر ئیفلاسییان نەکردووە .

ئەو نووسینە ( کۆمۆنیزمی کرێکاریی ڕەمزی درۆ و بێ دیسپلینیی سیاسییە) بۆ ڕۆژنامەیەکی کوردستانم ناردبوو، کە پێش وەخت بە تەلەفۆن لە گەڵ سەرنووسەرەکەیدا قسەم کرد کە بلاوی نەکاتەوە، بۆ هیچ شوێنی تری نانێرم لەمەودوا ، تکاشم وایە هیچ لایەنێکی سیاسیی و هیچ میدیایەکی بیستراو و بینراو و نووسراو و ئەلەکترۆنی لە خۆیەوە ، بلاوی نەکاتەوە . بەڕاستی من داخ لەوە دەخۆم کاتێکی زۆری خۆم بەم گرووپەوە سەرفکرد،سوپاسی ئەو ڕاگەیاندنانە دەکەم بە تەلەفۆن و ئیمەیڵ داوای چاوپێکەوتنیان کرد لێم سەبارەت بە کک و پۆخڵەواتەکانیان، هەرلێرەشەوە دووبارە پێیان ڕادەگەیەنم ، جارێ بڕیاری یەکجاریم نەداوە. ڕێزم بۆ ئەو برادەرە کوردەی کوردستانی ڕۆژهەلات هەیە کە بۆیکردم بەفارسییەکی زۆر جوانتر لەو فارسییەی کە کوردەکانی ناو حککا پێی دەنووسن، سوپاس بۆ ئەو دۆستەی کە بە نوسخەی عەرەبییەکەیدا چووەوە ، سوپاس بۆ ماندووبوونی هەموو ئەوانەی کە کۆمەکیان کردم لە هەموو ڕوویەکەوە،هەر لێرەشەوە دەمەوێ بەو پیاوە ترسنۆکانەی کک بلێم کە بەناوی نەناسراوەوە ئیمەیلم بۆ دەکەن و هەڕەشەم لێدەکەن و تا نووسینی ئەم چەند دێرەش درێژەی هەیە، چیتان لەدەست دێت بیکەن، چی دەنووسن لەسەرم بینووسن ، هیوادارم قسەی خۆتان ببەنە سەر. دووبارەی دەکەمەوە، کک و کادرەکانی ئێوە لەشکرێکن لە خەڵکی ترسنۆک ، هیچتان لەدەستنایات جگە لە دەمەوەریی زیاتر ، من و ئێوە زۆر باش یەکتر دەناسین ! فەرموون چی دەڵێن و چی دەکەن ، مەوەستن .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com